# " خۆم "ێك كە لە هیچ ناچێت !

بەرزان هەستیار
كانوونی دووەمی 2007
ئەڵمانیا/كۆلن
bhastiar@yahoo.de

لە نێو دار پرتەقاڵە بۆن خۆشەكانی بەهەشتا ،
لە ژێر پۆپەشمینی ئاڵی خەیاڵێكا
پەلیان دایە پەلم و
سەرسام .. سەرسام ، هێنامیانە بەردەمی " خۆم " ،
گەلۆ ، لە شەرما ئارەق لە هەنگاوم ئەتكا و
فرمێسك لە حاڵی نا حاڵم ،
ئەوە ، ئەو رۆژە بوو
بە دڵ تەمەنام ئەكرد .....
رۆژژمێرەكان وەك تەپ و تۆز لە خۆیانی بتەكێنن ،
ترسنۆكیی قەڵەمی ئەژنۆی شكاندبووم
نەمكرد بەر لەوەی بمبەنە لای "خۆم "
فرسەت بێنم و
بەرەو مە نجەنیقەكانی دۆزەخ هەڵبێم ،
گەلۆ ، چ شەرمەزارییەك بوو !!
چاوشۆڕ .. چاوشۆڕ ،
لە ژێر چەتری دڕاوی تاوانەكانما
بۆ بیانوویەك ئەگەڕام
رۆحی خووساوم وشك كاتەوە ،
ئەمویست بڵێم ، من لەبەر خاوێنییم .....
سێبەری ئەو بن دارانەیان پێ رەوا نەبینیوم ،
ئەیانویست لەویش تەنیا بم......
لەو زەمینە پڕ غەوارەیەی بەهەشتا
******

" خۆم "ی بەدفەساڵ لێم گەڕێ ،
پە نجەكانت بە قامچی هەڕەشەكردن شەكەت مەكە ،

به بێ ، شیشه سوورەوەکراوەکانی دۆزەخیش ....
دان به هەموو یاخی بوون و
خیانەت و
تەنانەت گەمژەییەکانیشمدا ئەنێم ؛
ئارام بەرەوە ،
خۆ تۆ یەکەم کەس نیت ....
گەنجینەی نهێنیەکانمت
به ڕۆژی نیوەڕۆ تالان کردبێت ؛
ئەو شۆڕەژنەی له باوەشیا ....
کردمی به "شا "ی زەمان و
کردمیه زارۆیەکی بەرمەمکانه و
کردمیەوه به سفر ،
له تۆ شارەزاتر ، حەرفه تاریکەکانم ئەخوێنێتەوه !؟
هاوڕێ گیانی به گیانییەکانم .....
پارچەی شکاوی بیرکردنەوەیەکم نییه .....
لایان چنگ نەکەوێت !؟
له چیم ئەپرسیتەوه ؟
ئەی " خۆم "ێك .....
که له هەموو بوونەوەرێك تاوانبارتریت و
نامەی ئەعمالت ئەوەنده پاك نیه .....
به پرسیار تەخت و تاراجم تێك بدەیت ،
با خۆمان له یەك غەشیم نەکەین
دەنا ، نه، من له هیچ جێیەك ......
بستێك زەوی ئەبینمەوه
پێی حەوانەوەی لێ دانێم ،
نه ، تۆش ئەتوانیت له سێبەری خۆت حاڵیی بیت
له مێژه من جێم هێشتوویت ، ئەی " خۆم " ؛
ئەو نیوەڕۆیه خۆم لێ دزییەتەوه .....
که له وێستگەی قەرەباڵغی شەمەنەفەرێکا
دووعاخوازییم له پارچەیەکی ڕۆحم کرد و
دڵیشم نەیدەهێنا جێی بێڵم ،
ئەوساته فەرامۆشم کردیت .....
که نەتویست له خەتاکانی ئافرەتێك خۆش بیت
بەر لەوەی دەرگا و پەنجەرەی .....

خانە خەراباتەکەتی بۆ بخەیتە سەر پشت
بڕیاری دابوو .....
بە هەموو نابووتییەکتەوە لەلای خۆی گلت باتەوە ؛
ئەو دەمە فەرامۆشم کردیت
کە ویستت خۆت لە گەمەکانی منداڵیی لالووت بکەیت و
بە پەیژەی ڕزیوی تەمەنا هەڵگەڕێیت ؛
ئەی " خۆم " ی لە هیچ نەچوو
ئیدی چۆن پڕکێشیی ئەوە ئەکەیت ....
بمخەیتە بەر کڕێوەی سەرزەنشت و
دەستە خوێناوییەکەت ......
بە یەخەی کراسە سپییەکەم بسڕیت !!؟